له *Victim Support* شۆک بووین بەو توندوتیژی، ڕق و کینەیەی کە لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە سەرانسەری بەریتانیادا ڕوویاندا. ئاژاوەگێڕییەکان و هێرشە ڕەگەزپەرستی و ترساندن لە ئیسلام بۆ سەر تاک و کۆمەڵگەکان بەڕاستی شۆککەرن و بە هیچ شێوەیەک پەسەندکراو نین.

تەنیا ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگاکەمان زیان لێکەوتوو نابن کە زیانی جەستەییان پێگەیشتووە. هەندێک کەسانی تریش ڕەنگە تووشی قسەی ناشرین و ڕەگەزپەرستانە بووبێتن، یان موڵک و ماڵی خۆیان لەناوبرا بێت یان تاڵان کرابێت.

ڕەنگە زۆر کەس ڕاستەوخۆ تووشی ئازاردانی جەستەیی یان زارەکی نەبووبێتن، بەڵام ئێستا لە ناو ئەم ترسەدا دەژین – لە درێژەی ژیانی ڕۆژانەیاندا دەترسن.

نابێت کەس ناچار بێت لەگەڵ ئەو ترس، دڵەڕاوکێ و زیانی دەروونی و جەستەییەدا بژییت کە بەهۆی تاوانی ڕقەوە دروست دەبێت.

ئێمە دژی ڕق و جیاکاری وەستاوین و بە شانازییەوە پشتگیری ئەو کەسانە دەکەین کە زیانیان بەرکەوتووە.

ئەگەر ڕووداوەکانی ئەم دواییە کاریگەرییان لەسەر تۆ بووە، دەتوانیت لە هەر کاتێکی ڕۆژ یان شەو بێبەرامبەر پەیوەندی بە هێڵی پشتگیریمان بکەیت بە ژمارەی 08 08 16 89 111. ئەگەر لە قسەکردن بە زمانی دڵخوازی خۆت هەست بە ئاسوودەیی ئەکەیت، دەتوانین خزمەتگوزاری وەرگێڕانی زارەکی پێشکەش بکەین.